**وەزیـــــری داد**

..........................................................................................

## وەزارەتـــــی داد
## ژمارە : ٦٧٨/٣ لە ٢٠١٠/٥/٩

### بـە یـانـی ژمارە ( ٨ )

ئاماژە بە ماددەی ( شەش / برِگە سێ ) لەیاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ وەپاڵپشت بـەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە بـەپێی ( مـاددەی نۆیـەم / برِگـە دوو ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە ( ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :-

**بەستانەوەی گشت بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێکردنی پارێزگاکانی ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری ) بە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ناوەندی پارێزگاکانیان لەرِووی کارگێری و ژمێریارییەوە .**

**رؤوف رشـــــید**
**وەزیـــــری داد**

## وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
## ژمارە : ٨٣٩٢ لە ٢٠١٠/٤/٢٢

### بـــەیـــان

لەبەر کۆتایی هـاتنی مـاوەی یاسـایی ئـەو ئاگاداریـە کەلەرۆژنامـەی خـەبات بڵاوکرابـووە وە لـەژمارە ( ١٠٠٦ لـە ٢٠١٠/١/١٩ ) وە لەبـەر نـەبوونی هـیچ سـکالایەك یـان رەخنەیـەك لـەهیچ لایـەنێك لـەماوەی یاسـایە کـە(٣٠) سـی رۆژ دوای بڵاوکردنـەوەی ئاگـاداری سـەرەوە بـەپێی مـاددەی (٦) شەشـەم لەیاسـای بـەرێوەبردنی شـارەوانیەکان ژمارە ( ٦ی ساڵی ١٩٩٣ )ی هەموارکراو بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لەماددەی حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە :-